المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 40-55
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# کاریگەرێتی ڕۆژنامەی کوردستان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا
## (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

پاڤێ جميل احمد
مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Pave.ahmad@univsul.edu.iq

**الملخص:**

وسائل الإعلام لها تأثير كبير على العديد من جوانب المجتمع والحياة اليومية للناس، من هذا المنظور يمكننا أن نقول وسائل الإعلام وسيلة أساسية للاتصال بين الناس، وبهذه الطريقة يمكننا التعامل مع وسائل الإعلام كظاهرة اجتماعية. هذه الدراسة مقسمة إلى بعض الأجزاء، ويناقش الجزء الأول منهجية وأساليب الدراسة، والتي تشمل، المنهجية، مشكلة البحث، أهمية الدراسة، والأهداف الرئيسية للدراسة، وتحديد المفهوم الرئيسي والمصطلحات.وسيركز الجزء الثاني من الدراسة على تاريخ الصحافة الكردية والمرتبط بمفهوم القومية الكردية، وتأثير الصحيفة على هذا الجانب من المجتمع.وفي الجزء الثالث من الدراسة، ستركز الدراسة على بدء الصحيفة الكردية، وتأثير وسائل الإعلام على النشر على الوعي القومي. كما سيركز البحث على دور الصحيفة في نشر معلومات متعمقة عن الثقافة والقومية والتراث في المجتمع الكردي. وفي نهاية هذه الدراسة، سأقدم النتائج والاختتام الرئيسيين.

***پوختە:***

ئەم توێژینەوەیە لەچەندبەشێک پێکدێت، بەشی یەکەم ڕێبازی توێژینەوەکەیە کە پێکدێت لە کێشەی توێژینەوەکە و گرنگی و ئامانج و دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان کە (راگەیاندن، هۆشیاریی، ناسیۆنالیزمی کوردی) تاڕادەیەک خراواتە ڕوو. لەبەشی دووەمدا باس لەسەرەتاکانی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی کراوە لەگەڵ مێژووی ناسیۆنالیزم و کاریگەری رۆژنامە، لەبەشی سێیەمدا باسکردنی سەرەتاکانی ڕۆژنامەی کوردستان و کاریگەری لەسەر بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی مێژوو کلتووری نەتەوەیی کورد، لەدواجاریش ئەنجامەکان بەچەند خاڵێک خراوەتە ڕوو.

***Abstract:***

The media have great influence on many aspects of the community and everyday life of people, in this perspective we can say media is an essential means for communication between the people, in this way we can deal in with the media as social phenomenon. This study divided into some parts, first part discusses the methodology and methods of the study, which includes, methodology research problem, important of the study, the key aims of the study, determine the key concept and terms. The second part of the study will focus on the history of Kurdish journalism and connected to the concept of Kurdish nationalism, the impact of the newspaper on this aspect of the community. In the third part of the study will concentrate on begin of the Kurdish newspaper, the impact of media on publishing on the nationalism awareness. Also, the research will focus on the role of the newspaper in publishing in depth information about the cultural, nationalism, and heritage of the Kurdish community. At the end of this study, I will present key finding and conclusion.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

## پێشەکی :

ڕاگەیاندن گرنگییەکی گەورەی هەیە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هۆیەکی گرنگی پەیوەندییە مرۆییەکان، پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی، بەردەوام لە گەشەسەندنێکی خێرای وادابووە توانیویەتی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە ژیانی مرۆییدا ڕویداوە و ببێتە ئامرازێکی گرنگ و پێویستیەکیرۆژانە لە ژیاندا.ڕۆژنامەگەری کوردی پارچەیەکە لە رۆژنامەگەری جیهان و لێی جیانابێتەوە، مێژووی پێشکەوتن و گەشەسەندنی لە ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری لە کوردستاندا ڕوویداوە.دەرکەوتنی ڕۆژنامە و چالاکی بڵاوکردنەوە و چاپ و نووسین ...هتد سەرەتای شۆڕشێکی نوێ بوو لە کوردستان، ڕێگەی خەباتی قەڵەم وەکو چەکێکی نوێ لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە کوردییەکان دەبینین، کە سەرەتای ئەم شۆڕشە نوێیەش لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەرکەوت وەکو خاڵی بزواندن و گەشەکردنی کوردایەتی و بەئاگاهێنانەوەی تاکی کورد و هۆشیارکردنەوەی لە بابەتە نەتەوەیەکانی لەڕووی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی، بڵاوبوونەوەو چاپکردنی رۆژنامەی کوردستانی دایک هۆشیارکردنەوەی ئەقڵی کوردییە و گرنگیدا بە بیروباوەڕی کوردایەتی و هەستکردنی تاکی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی و تۆمارکردنی مێژووەکەی بەدەستی خۆی بە خستنەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە و گەیاندنی بەڕۆشنبیران و خوێنەرانی ئەو سەردەمە.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامە

### باسی یەکەم: کێشەی توێژینەوە

سەرەتای هەرتوێژینەوەیەک بە هەستپێکردنی توێژەر بە کێشەیەک دەسپێدەکات، توێژینەوەکە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر هەموو ئەو هەوڵانەی کەوا ڕۆژنامەی کوردستان وەکویەکەمین ڕۆژنامەی کوردی داویەتی بۆ کارکردن لەسەر نەتەوەی کورد، لەبارەی مێژوو خەباتییەوە کە بە شێوەیەکی نوێ لەڕێگەی پێنووسەوە کاریکردوە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە چارەنوسی نەتەوەی کوردەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (ناڕوونی و تەمومژاوییبوونی ئەو کاریگەرییەی کەڕۆژنامەی کوردستانی دایک بینیوێتی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی)

بۆڕوونکردنەوەی فراوانتری ئەو کێشەیەش، وروژاندنی ئەم پرسانە بە پێویست زانرا و بریتین لە:

1.پرسیاری سەرەکی توێژینەوە بەوە دەسپێئەکات: ئایا رۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا؟

2. ئایاڕۆژنامەی کوردستان تا چ ئاستێک گرنگی داوە بە بابەتی سیاسی؟

3. ئایاڕۆژنامەی کوردستان تا چ ئاستێک گرنگی داوە بە بابەتی مێژووی کورد؟

4. ئایاڕۆژنامەی کوردستان تا چ ئاستێک گرنگی داوە بە بابەتی ئەدەبی؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کەڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستانی دایکە وەکیەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لەڕۆژسەختەکانی مێژوودا دەرچوە کە کورد هیچ نەوایەکی نەبووە بە هەوڵی کەسی بنەماڵەی بەدرخانییەکان و لە وڵاتێکی بێگانەدا، کوردستانێکی پارچەپارچەکراو و پڕ لەدەردی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری و هەژاری و شەڕوشۆڕ، لێرەوەڕۆژنامە وەکیەکێک لە ئامرازەکانیڕاگەیاندن ویستویەتی بەشێوەیەکی مۆدێرنانە کاربکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیی تاکەکانی، دروستکردنی چەند سومبول و ڕەمزێک کە بۆ مانەوەی هەر بزاوتێکی ناسیۆنالیستی گرنگن، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستیی و ئەکادیمییەوە هەوڵدانێکە بۆ زانینی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان هۆشیاری نەتەوەیی و ڕاگەیاندن بەتایبەتی ڕۆژنامە و دەرخستنی ئەو لایەنەی خەباتی کوردییە کە لە چەکەوە گۆڕی بۆ قەڵەم لەڕێگەی نووسین و کاری ڕۆژنامەگەرییەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی مرۆییەوە ئەو پێویستیانەی کە تاک پێویستی پێیەتی لەبارەی زیاترکردنی ڕۆشنگەری و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و زانین لەڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە، زانین و ئاشنابوون بەڕووداوو بەسەرهاتانەی کەلەوکاتەداڕوویانداوە بەسەر نەتەوەی کورددا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

**ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

1.گەیشتن بە ئاستیڕۆڵبینینی ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا.

2. گەیشتن بە ئاستی گرنگیدانیڕۆژنامەی کوردستان بە بابەتی سیاسی.

3. گەیشتن بە ئاستی گرنگیدانیڕۆژنامەی کوردستان بە بابەتی مێژووی کورد.

4. گەیشتن بە ئاستی گرنگیدانیڕۆژنامەی کوردستان بە بابەتی ئەدەبی.

**جۆری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفی شیکارییە، بەمەبەستی زانینی کاریگەریڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا.میتۆدی توێژینەوەکە :توێژینەوەکە پشتبە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک دەبەستێت، بۆ بابەتە بەردستەکانی کە بڵاوکراونەتەوە لەڕۆژنامەی کوردستانی دایک خولییەکەم.

**کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە :**

**کۆمەڵی توێژینەوەکە:** کۆمەڵی توێژینەوەکە کۆی ژمارە بڵاوکراوەکانیڕۆژنامەی کوردستان خولییەکەم 1898 کە (31) ژمارەی لێدەرچوە لە مەنفا بە شێوەی پچڕ پچڕ جگە لە ژمارە (19)کە یەکەمینڕۆژنامەی کوردییە.

**سامپڵی توێژینەوەکە:** سامپڵی توێژینەوەکە بابەتەکانی ژمارە بەدەستخراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانە،یەکەم ژمارەی لە 22ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەرچووە، ژمارە (6-19)لە جنێف دەرچووە، ژمارە (25-29)لە فۆلکستۆن و ژمارە (30-31) جارێکیتر لە جنێف دەرچووە ژمارە 31 ی 1902/4/14 دەچوە.

**ئامرازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمێکی شیکاری بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەی وەسفی شیکاری بۆ خودی داتاکان کە نمایشی بابەتەکەدەکەن.

**ڕاستی توێژینەوە:**توێژەر کاری لەسەرراستیرواڵەت کردوە بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، بەوپێیەی پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی شیکاری بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێک لە بواری میدیا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی، کە پاش تۆمارکردنی تێبینیەکان : هاوکێشەیراستی دەرەکی = برگەڕاستەکان / کۆی برگەکان *100 ، کەواتەڕاستی دەرەکی = 84/75*100=89٪، کە ئەمڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزیراستی توێژینەوە.

**جێگیری توێژینەوە:**توێژینەوەکە پشتی بە دووبارە کردنەوەی توێژینەوە بەستوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستی بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆڕمی شیکاری کەڕێژەکەی 90٪ کە پلەیەکی بەرزی جێگیرییە.

**باسی دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**- ڕۆژنامە :** زاراوەیڕۆژنامە لە بنچینەدا لە دوو وشەی لێکدراوی کوردی پێکهاتووە کە (ڕۆژ) و (نامە) یە، بەواتای نامەی ڕۆژانە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەند نوسراو و بڵاوکراوەیەکە لەلایەن کەسانێک کە هۆشیار و تێگەیشتوون خاوەن بیرو باوەڕێکن کە بەئەرک و ڕەنجێکی زۆرەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی سودێک ببەخشن بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەیان.ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەگەری ئەو چەکە دوو دەمەیە کە لەلایەکەوە پرۆژەی لەگەڵ سەرکردە و کەسانی دەسەڵاتداردا هەیە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ جەماوەر، ئەتوانێت ڕایەکی گشتی پەروەردە بکات بۆ نەتەوە،یان بە پێچەوانەوە دەتوانێت بەشێوەیەکی ناپاکی و دەسترەشی بەکاری بهێنێت کە نەتەوەیەک نغرۆبکات.دکتۆر حەمزە لە کتێبی (دوارۆژی ڕۆژنامەگەری) دەڵێت " ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەگەری دەتوانێت شتی سەیروسەمەرە دروست بکات، لەهەمانکاتیشدا چەکێکی ترسناکی کاریگەرە ئەگەر هاتوو لە کۆشی ئازادی و دیموکراتیدا پەروەردە کرابێت."(جەباری،2004: 46). ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، پایەیەکی بەرز و بڵندی هەیە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە شارستانیەت و مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی بەرهەمەکانی دادەمەزرێت، هەروەها ئەرکی سەرەکی بریتییە لە پێگەیشتن (کۆمیونیکەیشن)ی کۆمەڵایەتی، لەڕووی زاراوەییەوە دەناسرێت بەوەی کەبە" بڵاوکردنەوەی زانیارییە وورد و ڕاستییەکان دێت، بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوەی فیکر و دروستکردنی باوەڕ و ڕایگشتی لای خەڵکی". (ئەبوبەکر،2002: 16).ڕاگەیاندن زانستی پەیوەندیکردنە بە جەماوەرەوە، تەنیاڕێگەیە بۆ گۆڕینی بیروهۆشی جەماوەر،ڕابەری

**المجلة العلمية لجامعة جيهان – السـليمانية** **ص:40-55**
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

چالاکی بیر و ڕایە لە کۆمەڵدا، وەکو مێژوونوسانی بواریراگەیاندن دەڵێن" ناکرێت باسیراگەیاندن بکەین بێ ئەوەی باس لە بزاوتە سیاسیەکان نەکەین" بۆیە بەدوای تێزە سیاسیەکاندا، تێزە کۆمەڵایەتیەکان دێن کەڕاگەیاندن کاری لەسەردەکات، بۆگۆڕینی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەیڕێکخستنی کۆمەڵگە. ڕۆژنامەگەری وەکو بەشێک لە چەمکێکی مرۆیی نێو زانستە مرۆڤایەتیەکان دێت، بۆیە وەک هەر تێزێکی مرۆیی دیکە پێکهاتە و ئاستە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک دەشێ پێناسەی جیاوازی هەبێت، دکتۆر قیسیاسری بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆژنامە دەکات" ئەو هەوڵەیە کە تیایدا ئاڵوگۆڕی چەمکەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەهێنێتە کایەوە، بەبەکارهێنانی ئەو زمانە مەعریفیەی کە تاکەکانی پێدەدوێنێ". (یاسری،1991: 34).لەو پێناسانەی پێشترەوە دەتوانین بڵێین: ڕۆژنامە چاوی وردبینی گەلە، بەسەرنجەوە دەڕوانێتە دام و دەزگاکانی تایبەت بە بەرژەوەندی کۆمەڵگە، کەرەستەی بیرو هۆشی مرۆڤە، هەوڵ و کۆششی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە لە گشت بوارەکاندا.

**- نەتەوە :** وشەیnation لەوشەیnasciی لاتینییەوە وەرگیراوە کە لەناسینی زمانەوانیەکەیدا بەمانای (لەدایک بوون) دێت، بەڵام لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بەمانای (هاوڵاتیان،یان دانیشتوانی گەلێک،یان دانیشتوانی وڵاتێکی دیاریکراو دێت.(قەرەداغی،2003: 73) لێرەوە دەبینین کەبۆ ئەوەی کۆمەڵێک لە دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو وەک نەتەوە پێناس بکرێت پێویستە ئەو سنورە واقیعی و ڕەمزیانە لابەرێت کەلە نێوانیەکە و پێکهاتە جیاجیاکانی ئەو نەتەوەیەدا هەیە وەک جیاوازیەکانی زمان، خێڵایەتی و چینایەتی و ...هتد. ئەویش لەپێناو بەرژەوەندییەکی باڵاتردا کە نەتەوەیە، واتە بەدیار خستنی خاڵە هاوبەشەکان و ئینکارکردنی جیاوازییەکان، بەم پێیە هەندێک لە بیریارانی بیرۆکەی نەتەوایەتی پێناسەی نەتەوە دەکەن بەوەی کە نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵە کەسێک کە زمانی هاوباش و ئابووری هاوبەش و خاک و مێژووی هاوبەشیانهەبێت. بەڵام هەندێکی دیکە لە توێژەرانی بیرۆکەی نەتەوایەتی دەڵێن کە زمان و ئابوری و جوگرافیا بەتەنها بەس نییە بۆ پێکهێنانی نەتەوە، لەم بارەیەوە ئەریک هوبزباوم پێی وایە کە نەتەوە تەنها پابەندە بە سیاقێکی مێژوویی دیایکراوەوە کە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەییە ئەم بارودۆخەش تەنها لەسەردەمی مۆدێرن دا بەدیار کەوتووە.هەر سەبارەت بە پێناسەی نەتەوە ئەرنست گێڵنەر دەڵێت" نەتەوە بریتیە لە چەند گروپێک کە ویستی ئەوەیان هەیە کە وەکیەک گروپبن "(گیبرنا،2002: 9). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بیریارە پێلەسەر دووفاکتەری گرنگ دائەگرێت ئەوانیش (ویست) و (کلتوری هاوبەشن). بەڵام مونتراس گیبرنا دەڵێ" نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵێک مرۆڤ کە هۆشیاریشیان لەبارەی پێکهێنانی کۆمەڵەکەی خۆیانەوە هەیە،ڕابردویەکی هاوبەش و بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان بۆ ئایندە و بانگەشە بۆ مانی حوکمڕانی خۆیان دەکەن "(گیبرنا،سەرچاوەی پێشوو: 9) بەم پێیە دەبینین کە گیبرنا زیاتر پێلەسەر هۆشیاری دادەگرێت سەبارەت بە مێژوو و کلتوری هاوبەش. لە ووتارێکدا کەلەزانکۆی سۆرۆبۆن پێشکەشی کردووە مێژونوسی فەرەنسی (ئەرنست ڕێنان) دەڵێت "نەتەوە رۆحە، پرنسیپێکی روحی و مەعنەوییە " کەلەراستیدا هەردوکیانیەکن، ئەم پرنسیپە روحی و مەعنەوییە پێک دەهێنن،یەکەمیان سامانێیادەوەرییە دەوڵەمەند و بۆ ماوەییەکانە و ئەوەیتریان ڕەزامەندییەکانی ئێستایە، ویستی پێکەوە ژیان و بەرزراگرتنی ئەو میراتەیە کە بەشێوەیەکی دابەش نەکراو بۆ مرۆڤ ماوەتەوە... بونی نەتەوەیەکسانە بە هاوبەندییەکی گەورە واتە بونی نەتەوە پێویستی بە جۆرە رابردویەک هەیە، بەڵام هەنوکەش بەهۆی واقعێکی هەستپێکراوەوە نوێ دەبێتەوە( واقعێکی قبولکردن و بێ رازی بوون کە سیما بەرچاوەکەی ئاواتی درێژەدانە بە ژیانی هاوبەش.(ئێتسار،2000: 183) لێرەوە دەکرێت بڵێین نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە هەستی پێکەوەییە گرنگترین فاکتەری پێکەوە بەستنییەکە جیاجیا کانی نەتەوەیە و هۆکارێکی گرنگە لە کێشانی سنوری جیاکەرەوەی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە نەتەوە و میللەتانی دیکە.

**- ناسیۆنالیزم :**زیادە ڕۆیی نیە گەر بڵێین هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست بەسەدەی ناسیۆنالیزم ناو دەبرێت. بزاڤی ناسیۆنالیستی بە حوکمی ئەوەی لەم دوو سەردەمە دا لە دیارترین و بەرچاوترین دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان بوو هەر بۆیە چەند پێناسەو بۆچونی جیاجیا لەسەر ئەم بابەتە خراوەتە روو لەیەکێک لەو پێناسانە دا مونتراس گیبرنا دەڵێت " ناسیۆنالیزم خۆبەستنەوەیە بە کۆمەڵێک کە ناسنامەی ئەندامەکانی بەبیروباور و رەوشەکانی ژیان دیاری دەکرێ و خۆیان خاوەنی ئیرادەن لە بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان".(گیبرنا،سەرچاوەی پێشوو: 9). ناسیۆنالیزمیەک شێواز و یەک دەرکەوتەی نیە، باڵکو بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی لەلایەک و بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی نەتەوەکان لەلایەکی ترەوە فۆرمی جیاجیا وەردەگرێ کە دەستی رزگارکەریان شۆڤێنی بێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیزم لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراودا وەک دیاردەیەکی مێژوویی و پێداویستی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا سەرهەڵدەدات. لەم سۆنگەیەوە فارووق رەفیق پێناسەی ناسیۆنالیزم دەکات بەوەی کە " ناسیۆنالیزم هێزێکی ئایدۆلۆژییە، واتە لەلایەکەوە بریتییە لە چەپکێ ئایدیا کە پەیوەندییەکی ناوخۆییان لەگەڵدا هەیە، چەپکێ ئایدیا لەمەڕ مرۆڤ و کۆمەڵگە و سیاسەتەوە، لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیزم سەرقاڵی ئەوەیە کە چۆن حاڵەتێک و مەسەلەکان بگۆڕێت و حاڵەتێکی لە کۆمەڵگا دابمەزرێنێ".(رەفیق،1999: 54)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

لێرەوەبۆمان دەردەکەوێت کە ناسیۆنالیزم تەنها پێناسێکی نیەو بە پێی سیاقە مێژوویی و کلتورییەکان پێناس و بۆچوونی جیاجیا لەخۆ دەگرێت. بەڵام بەلایەنی کەم دەتوانێت لە چەند مانایەکی گشتی دا بەکاری بهێنێت:

1- بڕواهێنان بەوەی کە مرۆڤایەتی لە شێوەی چەندین نەتەوەی جیاجیا دا بوونیان هەیە.

2- پاراستنی کلتورێکی دیاریکراو کە کلتوری نەتەوەییە.

3- هەوڵدان بۆ پاراستن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و خۆجیاکردنەوەی لەوانی دیکە.

ناسیۆنالیزم خۆشەویستیە بۆ نەتەوە،یان پەیوەندی خۆشەویستیەکی سروشتیە کەتاک بەرۆڵەکانی نەتەوە وە دەبەستێتەوە،یان ویستێکی کۆمەڵایەتییەو خۆی بەسەرسروشتی مرۆڤایەتی دا دەسەپێنێ.یەکێک لە گرنگترین رەگەزەکانی ناسیۆنالیزم بریتیە لە کردەی خۆجیاکردنەوە و کێشانی سنووری واقیعی و سنووری خەیاڵی لە نێوان نەتەوەی خۆو نەتەوەی ئەوانی دیکە، لێرەوە دەکرێت بەیەکێک لەو پێناسانەی دیکە کە بۆ ناسیۆنالیزم کراوە پشتگیری ئەم بۆچونە بکەین"ناسیۆنالیزم بریتیە لە هەستکردنی نەتەوە بە قەوارەی کەسێتی خۆی لە نێو نەتەوەکانی تردا کە خۆی کاروباری دەرەوە و ناوخۆی خۆی بەڕێوەدەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداریکردنی تاکەکانی گەل لە حوکمڕانی دا، کە بەسیستەمی دیموکراسی گوزارشتی لێدەکرێت."(قانیع،1998: 45).لێرەوە دەکرێت لە پێناسەیەکدا بڵێین ناسیۆنالیزم بریتیە لە بزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی کە ئامانجی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیە بەدەستی خۆو کە بەناوی خەڵکێکی دیاریکراوەوە کە نەتەوەیە قسەدەکات.

**- هۆشیاری نەتەوەیی:** هۆشیاری نەتەوەیی پێدراوێکی سروشتی نیە، بەڵکو پێدراوێکی مێژووییە و لەسەردەم و کاتێکی دیاریکراودا سەرهەڵئەدات و پەرە ئەسێنێ، واتە ماناکانی هۆشیاری نەتەوەیی و شێوازەکانی دەرکەوتنی بە پێی جۆر و ئاستی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت هەر ئەمەش وای لێ دەکات دەرکەوتنە و فۆرمی جیاجیا لەخۆ بگرێت، ئەم جیاوازییەش لەنەتەوەیەکەوە بۆ تر و لەنێو ئەندامانی نەتەوەیەکیشدا لە کاتێکدا بۆ کاتێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.

مەریوان وریا قانع پێی وایە" کە نیشتمان پەروەری و هۆشیاری نەتەوەیی چەمکە گەلێکن کە هێما بۆ شێوازێکی تایبەتی پەیوەندی نێوان ئینسان و نیشتمان دەکەن، پەیوەندیەک لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفا کۆڵکە سەرەکییەکانێتی".(قانیع،1998: 27)

بەشێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی لە ئاستە جیهانیەکەیدا لە ژێر کاریگەری سێ هۆکاری سەرەکیدا بوو:

1- ئەو گۆڕانگارییانەی بەسەر زمانی لاتینیداهات.

2- کاریگەری ریفۆرمی ئاینی.

3- بڵاوبوونەوەی زمانە ناوچەییەکان.

سەرجەمی ئەمانە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر گەشەکردنی بیروهۆشیاری نەتەوەیی کەلەلایەن بیریاران و سۆسیۆلۆژیستەکانەوە بە چەندین شێوازی جیاجیا پێناسەکراون.لەیەکێک لەو پێناسانەدا هاتووە کە "هۆشیاری نەتەوەیی بریتیە لە مەعریفەی تاکەکان دەربارەی زمان، مێژوو، کلتوور، تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی خۆیان"(میران،2000: 242)

لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە" کاتێک شێوەکانی هەستی گشتی بەشێوەیەکی فراوانتر لە دەروونی کۆمەڵی مرۆیی دوور لە هەموو نزیکییەکی خێزانی دەردەکەوێ، ئەو کاتە روخسارەکانی هەستی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات"(دوروزیل،1967: 234).

هەرسەبارەت بە پێناسەی هۆشیاری نەتەوەیی هاتووە "هۆشیاری نەتەوەیی ئەو هەست و بیر و ئاگایی و فۆرمانەی خۆناسینە کە کۆمەڵە خەڵکێک، دەربارەی بوونی بابەتیانەی خۆی، وەک دیاردەیەکی تایبەتمەند و بەجیا هەڵکەوتووی لێ دروست دەبێت.(سابیر،2003: 165) .سەرجەمی ئەو پێناسانەی سەبارەت بە هۆشیاری نەتەوەیی کراون لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێ بڵێین لە چەند هێڵێکی گشتی دا یەکتری دەگرنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە ئەو جیاوازییەش لە ئەنجامی کاریگەری کلتور و ئاستی ئابووری و ساتی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی، هەروەک چۆن سەبارەت بەوەی ئایا ئەم هۆشیارییە لەگەڵ دروستبوونی نەتەوەدا سەرهەڵئەداتیان لە پاش دروستبوونی چەندین رای جیاجیا هەیە، لێرەوە لە

پێناسێکداهاتووه کە هۆشیاری نەتەوەیی بریتیە لە"ئاگاداربونێکی هۆشیارانە سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ دەبێت بەبەشێک لە نەتەوەیەک و چارەنوسیخۆی لە دواڕۆژی ئەو نەتەوەیەدا دەبینێتەوە، بۆیە هۆشیاری نەتەوەیی ئەنجامێکە بۆ بوونی نەتەوە، هەتا نەتەوە پێک نەیەت، هۆشیاری نەتەوەیی دروست نابێت".(مەدەنی،2001: 9).

لەم پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هۆشیاری نەتەوەیی بە چەندین واتایی جیاجیا قسەی لەبارەوە کراوە و تەنها شێوازێک و تەنها دەرکەوتەیەک نیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کە هۆشیاری نەتەوەیی بریتیە لە پلەیەک لە کلتووری تاکە کەس، بەو مانایەی ئەم هۆشیارییە شتێک نیە کەلەگەڵ مرۆڤدا لەدایک بێت، واتە دروستبوونی ئەو هەستە لای مرۆڤ کە ئەندامییەکەیەکی باڵاترە لە تاکەکەس و چارەنوسی بەستراوە بە چارەنوسی تاکەکانی دیکەی هەمان نەتەوەوە.

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم: مێژوویەک لەسەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ڕۆژنامەوانی کوردی، ئەوا پێویستە ئەو پرسیارە سەرەتاییە لە خۆمان بکەین کە کەی هونەری ڕۆژنامەگەری لەناو گەلی کورددا پەیدابووە و دەستی پێکردووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوا پێویستە باس لەوە بکەین کە مێژووی گەلی کورد مێژوویەکی کۆنی پڕلە نەهامەتی و شەڕ و شۆڕ بووە، هەروەها دابەشکردن و دوورخستنەوەی کورد لە هەموو ئیمتیازە باشەکان، لەڕێگەی دوژمنایەتی و هەروەها کاری سیخوڕی و دەستخستنە ناو هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێک بۆرزگاربوون لەدەستی دوژمنان.ئەوەی جێگەی باسە لەسەدەی نۆزدەیەم جوڵانەوەیەکی نیشتمان پەروەری لە کوردستاندا ڕوویدا، ئەمەشڕواڵەتێکی تری نیشاندا و ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی تری وەرگرت، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی کەلە (چەرخیراپەڕینی نوێ) ڕوویدا، کە گۆڕینی جیهان بوو لە بارێکی نالەبارەوە بۆ بارێکی زۆر پرشنگدار و ئازاد، ئەمەش بوو وایکرد کە هەموو گەلانی جیهان وریابینەوە و داوای مافی ژیانی سەربەخۆی خۆیان بکەن، لابردنی چەوساندنەوە و زۆرداریانراگەیاند.لەگەڵ ئەوەی گەلان هەڵسان بە شۆڕشکردن دژی دوژمنانیان، گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلانی تر هەمیشە ئامادەی شۆڕش و دژایەتی دوژمن بووە بۆ سەربەخۆیی خاک و نیشتمانی لە هەمان کاتیشدا سەرنەکەوتنی شۆڕشێکیان دژایەتی کردنی نەبووە هۆی ساردکردنەوەی گەلی کورد لە خەباتکردن بەرامبەر دوژمن.سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی (شێخ عەبدوڵای نەهری) لە ساڵی (1881ز) هەروەک ئارک سافریسیان لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی کورد و کوردستان) دەڵێت " ستەمێکی گران بوو بۆ سەر هۆز و پیاوەگەورەکانی تری کورد، ئەمە بووە هۆی چاندنی تۆی نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی لە مێشکی گشت گەنجێک و خوێنەوارێکدا، ڕۆژگار و تاقیکردنەوەی بزووتنەوەکانی گەلی کورد بە هەموو لایەکی سەلماند کە خەبات لە پێناوی گەل و نیشتمان هەر بەڕێگەی چەک هەڵگرتن تەنها ناکرێ، بۆیە ڕۆشنبیرە کوردە خوێن گەرمەکان، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بیریان لەڕێگەیێتر کردەوە بۆ خەباتکردن لە پێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاری کورد، ئەوەبوو هەڵسان بە پێکهێنانی چەندین کۆمەڵ و ڕێکخراویرامیاری و دامەزراندنییانە و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی".(جەباری،2004: 65)شان بە شانی خەباتی شۆڕشگێری ناوخۆ ئەو بزووتنەوە نوێیە کەلە دەرەوەی نیشتمان لە دایک بوو بەهەمان شێوە لەگەڵ خەباتی ناوخۆ پەلوپۆی بەهەموو لایەکدا کێشابوو، بۆیەکەم جار بوو کە ڕۆشنبیرە کوردەکان لە ئەفسەرو قوتابی و بۆرجوازە بچووکەکان لە ئەستەمبولی پایەتختەوە دڵسۆزی گەل و نیشتمان کۆی کردبوونەوە بە مەبەستی خەباتکردن بە چەکی نوێ کە خوێندن و خوێندەواری بوو، هەروەها پەیوەندیکردن بە وولاتانی دەرەوە بۆ گەیاندنی گیروگرفتەکانی کورد، ئەویش سەبارەت بە وورایی و ئاگابوونیان لەڕووداو و ڕاپەڕینە نیشتمانیەکانی ئەوروپا، چونکە هەرێمی ئەستەنبول سەرەڕێگایەک بوو لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا، لەدێرزەمانەوە ئەستەنبول مەڵبەندی چالاکیرامیاری و خەباتکردنە،زۆربەی باڵیۆزو دیبلۆماتەکانی ئەوروپا لەوێ کۆدەبوونەوە، بۆیە بەئاسانی ئەتوانرا دەنگی کورد بەهەموو لایەکدا بگەیەنرێت.ئەگەر ئێمە باس لە ناساندنی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی بکەین بە وڵاتەکانی دەرەوە لە نێوەندیاندا تورکیا ئێران عێراق و سوریا باشترین هۆڕێگای ڕۆژنامەگەری بوو چونکە لەوڕێگایەوە بەئاسانی و ڕوونی ئەتوانین سەرەنج و ڕای گشتی جیهان بەلای مەسەلەکەدا وەربگرێت و سۆزی گەلانرابکێشێت. هەر لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت" سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی هەموو گەلێک مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو مێژووەش بەستراوە بە گەلێک هۆکاری جیاوازەوە بۆیە پێویستی بەڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی کوردی جگە لە مەرجەکانی ناوەوەی کۆمەڵ چەند هۆیەکی دەرەکی ڕۆڵیان تێدا بینیوە،یەکێک لەو هۆکارانە بریتیە لە پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی و پەرەسەندنی و ڕۆڵی لە ژیانی ڕووناکبیری و سیاسی گەلانی دراوسێ دا"(ئەبوبەکر،2002 : 42).لەگەڵ ئەوەی کورد ڕێگەی پێنەدرا لە قەڵەمڕەوی عوسمانیداڕۆژنامە دەربکات، بەسەدان ئازادیخواز و روناکبیرو شۆڕشگێر لە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

ژێردەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانیەکانڕوویان لە دەرەوەی نیشتمان کرد بەمەبەستی دەربڕینی بیروڕای ئازاد و ئازادی ڕۆژنامەوانی و وشیارکردنەوەی جیهانی دەرەوە کارکردن بۆڕزگارکردنی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی هۆشیارانە، بۆ ئەم مەبەستەش شاری (قاهیرە) لەو سەردەمەدا ئازادیەکی زۆری هەبوو چونکە لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا نەمابوو، کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە، لەبەر ئەوە بەدرخانییەکان وەکو خێزانێکی شۆڕشگێر و ڕۆشنبیر رویانکردە قاهیرەی پایەتەختی میسر، لەوێیەکەم ژمارەی غەزەتەی (کوردستان) لە (22ی نیسانی 1898ز) ی لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەگی کوڕی بەدرخان پاشا) دەرچووە، کە بەهۆی نەخۆشییەوە دەستی لە کارەکەی هەڵگرتوو (عبدالرحمن بەگی) برای درێژەی بە دەرکردنیرۆژنامەکەدا، لەناو تەنگ پێهەڵچنینی پیاوەکانی سوڵتان (عبد المجید) گواستیەوە بۆ جنیف لە سویسرا وەفۆلکستۆن لە بەریتانیا تا ساڵی (1902)، ئەم رۆژنامەیە لە ماوەی پێنج ساڵ لە پێنج وڵات و ئەوەی تا ئێستا ئاشکرایە  بە هەمووی (31) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە (ئەمین،2001: 19) ئەمڕۆژنامەیە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەروەها ئەو خاڵەیە کەلەرێیەوە پەیامی سیاسی گەلی کوردی لە خەباتی چەکەوە گۆرییە سەر خەباتی قەڵەمی، ئەوەتانێ مەدحەد بەگ لە سەروتارییەکەمین ژمارەی کوردستاندا نوسیویەتی "بەداخەوە کورد کەلە زۆر نەتەوە زیاتر خاوەنی بیر و هۆشن، جوامێرن، لەئاستی خۆیاندا تەواو بەهێزن، بەڵام وەکو نەتەوەکانی دیکە خوێندەوارو دەوڵەمەندنین نازانن دراوسێ کانیان چۆنن و چی دەکەن، ئاگایان لێنییە، بۆیە پشت بەخوا ئەم ڕۆژنامەیەمان نووسی و بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەودوا هەر پانزەڕۆژ جارێک بڵاوی دەکەمەوە".( ئەمین، هەمان سەرچاوەی پێشو: 47) ناوەرۆک و بابەت و ووتارەکانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزیان بۆ نەتەوەکەیان پێ بوو، تێیدا باس لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی دەکرد کە بەسەر نەتەوەی کورد دەهات بەدەستی سوڵتان و پیاوەکانی، ئەوەتا لەسەرەتایی دەرکردنی کوردستاندا بە زمانێکی نەرم لەگەڵ سوڵتان و دەستوپێوەندەکانی دەدوا، بەڵام کە ئەم زمانە سوودی نابێت ژمارە لەدوای ژمارە زمانەکە توندو تیژتر دەبێت، گۆڕینی سوڵتان دەبێتە ئامانجی سەرەکی و هۆی چارەسەری کێشە و زوڵم و فەساد لە دەوڵەتی عوسمانیدا، هەر لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە نەبەردێکی سەخت دژی سوڵتان و دەست و پێوەندەکەی دەست پێدەکات.(ئەمین، سەرچاوەی پێشوو: 49) ناسیۆنالیستی کورد هەر لەڕێگەی شۆرش وەکو باسمانکرد هەر بە رۆژنامەشەوە نەوەستا بەڵکە لەڕێگەی ئەو چاپەمەنیانەی تری وەکو گۆڤار و نوسین و کتێب، هەروەها دروستبوونی ڕێکخراوی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و گروپ و قوتابخانەی کوردییەوە داوای گۆرانی مافی دەستووری و مافی نەتەوەیی کوردیان دەکرد.دەرکەوتنی ڕۆژنامە و چالاکی بڵاوکردنەوەی چاپ و دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرەتایی دیاردەیەکی نوێی خەبات بوو لە کوردستان، پێگەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد بوو، ئەم دەرکەوتنە تازەیەش کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی قوتابخانە و خوێندنگای مۆدێرن لە ناوچەکانی کوردستان، دروستبوونی دەستەی نوێ لەڕووناکبیران لە شێوەی گروپی نوێ و بەردەوام لە گەورەبووندا بوو، رووناکبیران و ناسیۆنالستانی کورد لەم خوێندنگایانەدا بوونە پێشەنگی خەبات و رۆشنکەرەوەی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەیان.

**باسی دووەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و کاریگەری لەسەرڕۆژنامەی کوردی**

یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین دیاردەکانی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی، دیاردەی دروستبوون و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستییە لە ئەورووپا و دواتر بڵاوبوونەوەی بەنێو میللەتانی دیکە بە چەندین شێواز و دەرکەوتەی جیاجیاوە.هەوڵدان بۆ بە ئازادی ژیان و ڕزگاربوون لەدەست داگیرکەران لە سەرەکیترین فاکتەرەکانی درووستبوون و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم بوون، هەرچەندە ئەم ناسیۆنالیزمە بەتەنها لە فۆرمێکی ئازادیخوازانەدا بەرجەستە نەدەبوو، چەندین شێوازی جیاجیای لەخۆدەگرت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین دروستبوونی ئەم دیاردەیە هاوکاتی گەشەسەندنی هۆشیاریەک بوو سەبارەت بە نەتەوە و ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام سەرەتاکانی درووستبوونی ئەم هۆشیاریە لە ژێر کاریگەری چەند دیاردەیەکی مێژوویی بوو لەسەروو هەمووشیانەوە سەرهەڵدانی مۆدێرنەیە، لەم بارەیەوە زۆربەی بیریارانی بواری فیکر و سیاسەت سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم ڕاوبۆچونیان سەبارەت بە ماهیەتی ناسیۆنالیزم لەیەکتری جیاوازن، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوەی کە ئەم دیاردەیە لەدایک بووی مۆدێرنەیەهاوڕان.لەم ڕوومیەکێک لە تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم کە ئەرنست گلنەرە دەڵێت "ناسیۆنالیزم بەرهەمێکی حەتمی مۆدێرنەیە، دەرئەنجامی شێوازی پەیوەندی کردن و ئیشکردن و خۆڕێکخستنی ئابووری مۆدێرن و دەزگا و دامەزراوە گەورەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە، وەک قوتانخانە و کارخانە و لەشکر...هتد کەبەسەریەکەوە ڕۆڵی مانشێتێکی گەورەی هاوشێوەکردن و ئامێزانکردنی بەش و هێزە جیاواز و لێکدابڕاوەکانی کۆمەڵگە لە کەشتیەکی گەورەدا دەبینین.(قانیع، 2002: 77). بەم پێیەش بۆمان دەردەکەوێت کە مۆدێرنە لەچەندڕوویەکەوە کاریگەری هەبووە لەدرووستکردنی

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەستێکی هاوبەش لای تاکەکانی نەتەوەیەک ئەویش لەرێگەی چەندین فاکتەری جیاجیاوە کە سەرجەمی ئەم فاکتەرانە رۆڵێکی گەورە دەبینن لە درووستکردنی پێکهاتەیەکی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوبەش کە گەورەتربێت لەو جیاوازیانەی کەلەنێو پێکهاتە و یەکە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە.

هەموو ناسیۆنالیزمێک هەوڵی تێکشکاندنی ئەو سنووره واقعی و رەمزیانە دەدات کە لەناو نەتەوەیەکی دیاریکراودا بەپێی بارودۆخی مێژوویی دروست دەبن و شێواز و فۆرمی جیاواز دروست دەکەن لەوانە جیاوازی چینایەتی و شوێنی نیشتەجێ بوون جیاوازی کلتوری و ...هتد، پرۆسەی تێکشکاندنی ئەو سنورانەش بە چەند شێوازێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت و پێویستی بە چەند ئامراز و ئالیەتێکە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، لێرەوە دووبارە بۆمان دەردەکەوێت کە ناسیۆنالیزم نەوەیرۆژگاری نوێیە لەم بارەیەوە (بندکت ئارسۆن) ناسیۆنالیزم دەبەستێتەوە بە (کاپیتاڵیزمی چاپەوە) واتە بەرۆژگاری داهێنانی مانشێتەکانی چاپ و بەرهەمهێنانی بەر فراوانی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوەی نوسراوەوە.( قانیع، سەرچاوەی پێشوو: 77).دەتوانین رۆڵی بەرچاوی رۆژنامە ببینین سەبارەت بە بزاوتی ناسیۆنالیستی چونکەرۆژنامە وەک هەر هۆکارێکی دیکەی راگەیاندن لە توانایدا هەیە وێنای جوگرافیایە کە خەیاڵی لە زەینیەتی تاکەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراودا بچەسپێنێت ،یان هەستی پێکەوەیی و هاوچارەنوسی لە سایکۆلۆژییەتی هەریەکەیاندا پەروەردە بکات، هەروەکو چۆن دەتوانێ لە مەترسییەکانی دەرەوە، مەترسی ئەوانی دی بۆ سەر نەتەوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی هۆشیارییەکی دەستە جەمعی دروستبکات.بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی مۆدێرنە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر گەشەسەندنی ئەو ئامرازانەی کەرۆژنامەیان چاپ و بڵاودەکردەوە، بەمەش رۆژنامە توانی ببێتە یەکێک لەو بوارانەی لەنێو سەرجەمی نەتەوەکاندا ئامادەییەکی گەورە و بەردەوامی هەبێت، بەجۆرێک کە بتوانێ دەستکاری ماهییەتی شوناسی دەستە جەمعی گروپەکان بکات، واتە لە کاتێکدا کەبەر لە مۆدێرنە ئاینیان گروپی لۆکاڵی شوناسی گروپەکانی دیاری دەکرد، ئەوا لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەرێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە کەیەکێک لەوانە رۆژنامە بوو ماهیەتی ئەم شوناسە دەگۆڕێت و شوناسێکی گەورەتر دروست دەبێ کەباز دەداتبەسەر جیاوازی ئاینی و مازهەبی و خێڵەکی نێو نەتەوەیەکی دیاریکراودا و لە جیاتی ئەوە شوناسێکی گشتگیر دروست دەبێت.یەکێکی دیکە لەو بوارانەی کەرۆژنامە دەتوانێ کاری لەسەر بکات، بەشداریکردنە لە دروستکردنی چەند سومبول و ئەفسانەیەکدا کە هەستی پێکەوەیی لەلای تاکەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراودا دروست دەکات، وەک ئاشکرایە هەموو بزاوتێکی ناسیۆنالیستی دەیەوێت بەردەوام تاکەکانی نەتەوە لەژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە بۆ ئەمەش چەندین ئالیەتی جیاواز دەگرێتە بەر وەکو دروستکردنی وێنای دوژمن یان خوڵقاندنی چەندین ئەفسانەی جیاواز کە سەرجەمیئەمانە کاریگەری گەورەیان هەیە لە بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمدا، بۆ نموونە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر لە نێو فەزای ناسیۆنالیستی کوردیدایان گێرانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆرۆژگاری ئیمپراتورییەکی ئیسلامی عەرەبێکی ناسیۆنالیست.بەمجۆرە دەبینین کەرۆژنامە دەتوانێرۆڵی هەبێت لە دروستکردنی ئایدیای دوژمن یان دروستکردنی مێژوویەک بۆ بزاوتێکی ناسیۆنالیستی کەلەراستیدا بوونی نیە، گەر بگەرێنەوە بۆ نموونەکەی سەرەوە لەم خاڵە باشتر تێدەگەین، کاتێک ناسیۆنالیزمی کوردی رەچەڵەکی خۆی دەباتەوە سەر کاوەی ئاسنگەریان سەردەمی مادەکان، ناسیۆنالیزمی عەرەبی کاتێک رەگ و ریشەی خۆی دەباتەوە سەررۆژگاری ئیمپراتوری ئیسلامی کەلەراستیدا هەموو ئەمانە هیچ نین تەنها ئەفسانەیەک نەبێت، لەبەرئەوەی هەم ناسیۆنالیزمی کوردی و هەم ناسیۆنالیزمی عەرەبی خاوەنی ئەم مێژووە دوور و درێژە نین و بەڵکو لەدایک بوویرۆژگاری مۆدێرنەن.

## بەشی سێیەم

### باسی یەکەم : کوردستان، یەکەمینرۆژنامەی کوردی

یەکەمین رۆژنامە بەزمانی کوردی کەلە 22ی نیسانی 1898ز لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانە لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، بەردەوام بوو تا رۆژی 14ی نیسانی 1902 کە کۆی هەموو ژمارەکانی گەیشتە 31 ژمارە. یەکەمرۆژنامەی کوردی بە پێچەوانەی هەموورۆژنامەکانی وڵاتانی دراوسێیەرۆژنامەی تایبەتی و تاکەکەسی بوو ناواخنێکی ئازادی هەبووە لە ئەدەب و رۆشنبیری، ئەم خاسێتە مایەی سەرەنج دانە وامان لێدەکات کە بیر بکەینەوە بۆچییەکەم رۆژنامەی کوردی ئەم خاسیەتە جیاوازەی هەبووە؟ میقداد میدحەت بەدرخانروناکبیر و خەباتگێرێکی پایە دار بووە زانیویەتی کە کورد دەوڵەت و هیچ دەزگایەکی حکومی نیە تاوەکو ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەک بۆیە خۆی هەستا بەو دەست پێشخەرییە بە دەرکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بە زمانی نەتەوەیی کە کوردیە.ناوبراو پەروەردەی دەستی شاعیر و روناکبیر و نەتەوەپەرستی وەکو حاجی قادری کۆییە، لە ئەستەنبوڵی پایتەخت دا ژیاوە، لەناو جموجۆڵی روناکبیرە ئۆپۆزسیۆنەئیتحادییەکاندا (کە لە ساڵی 1890 بەولاوە کەوتبوونە خۆرێکخستن) باش لەرۆڵ و گرنگی رۆژنامە تێگەیشتبوو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:40-55
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەیزانی کە ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی بیری نەتەوەییو هۆشیاری نەتەوەیی و چەمکی شارستانیەتەکان.(فوئاد، 2000: 6)

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی کورددا سەرەتایەکی نوێ بوو، نیشانەی پێگەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی و ڕۆڵی دەستەی نوێی خوێندەواری کوردە لە خەباتی ڕزگاری خواز و ناسیۆنالیست دا، هەروەها دەکرێت بەسەرەتایەکی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد دابنرێت لەو کاتەدا (ئینتمایەکی نەتەوەیی) وویست، بۆ چوونێکی تایبەتی دەربارەی تایبەتمەندی کلتوری نەتەوەیی کورد دابرێژێت، ناوەڕۆکی سیاسی بە ناسنامەی کلتوری کورد بدات، ناسیۆنالیزم بکاتە بزافێکی جەماوەری بۆیە ڕۆژنامەی کوردستان هەر لەسەرەتای دەرچوونیەوە زمان حاڵی نیشتمان پەروەریانەی کورد بووە بە دەربڕینی ئایدۆلۆژیای بزافی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم.(مەدەنی، 2001: 86)

ئەو بابەت و بڵاوکراوانەی لەڕۆژنامەکەدا دەبینرا ئاستی جیاوازیان هەبوو، بەڵام بە تێکڕا بۆ سەردەمی خۆی گرنگ و پێویست بوون، سروشتێکی ڕۆشنگەرانە و نەتەوەییان هەبووە، هەروەها لەبارەی ژیانی سیاسی و کلتوری و بەربەرەکانی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی کاریان کردووە بەمەبەستی دروستکردنی هەست و بینینی هاوبەشی نەتەوەیی لای خوێنەران، لەهەمان کاتیشدا باسکردنی مەسەلەی ئازادی و زامنکردنی مافە دەستوریەکان و نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گەڕاندنەوە بۆ ئەقڵ بۆ چارەکردنی کێشە نەتەوەییەکان، چەندین وتار و نووسینی تر لەم شێوازانە بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەکەدا.ئەوەڵین تەقەڵایەکی نوێی کلتووری و سیاسی لەڕۆژنامەی کوردستان دەستی پێکرد، کە دەیویست لەسەر ئەساسێکی فیکری و پرۆگرامێکی ناسیۆنالیستی و ڕۆشنگەری،ڕووناکبیر، ناسیۆنالیستی کورد کۆبکاتەوە و لەناوڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕێکیانبخات،ڕۆژنامەکە بە شێوەیەک کاری دەکرد کە دەیویست خەڵکی ئاگادار و هۆشیار بکاتەوە، بەچاوێکی ترەوە سەیری دەوروبەر و واقعی سیاسی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن و بە چاوێکی تازە و هۆشیاریەکی نوێ وە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقعی دواکەوتوانەی خۆیانەوە بکەن، بیر لە گۆڕینی ژێر دەستەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن.ڕۆژنامەی کوردستان ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤی کوردی دەنواند، کەلەڕووی نەتەوەیی هزرییەوە چەوساوە بوو، لەکاتی خۆیدا ئۆرگانی کوردە ڕزگاریخوازەکان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تووشی تەنگ پێهەڵچنینێکی زۆر و هەڕەشەی دەسەڵاتەیەک لەدوایەکەکان دەبوو، ئەوڕەوتە ئازادەی کەڕۆژنامەکە گرتبوویە بەر هەر لە گەشەکردن و برەویدابوو بە بیروباوەڕی ئازادانە و نەتەوەییان کاری خۆی دەکرد، کاری دەکرد بۆ بزواندنی هزر و هۆشی خاڵک جۆشدانی گیانی نیشتمانپەروەریانە لە دەروونی تێکڕای کورداندا، هەروەها زیندوکردنەوەی کلتوری کوردی لەڕێی بڵاوکراوەکانیانەوە. ئەگەڕای هەندێک بیرمەند و ڕۆشنبیرانیش وەربگرین لە بارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە، ئەوکات دەکرێت سوکە بیرۆکەیەک دەربارەی بایەخی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە دەستەوەبدەین، دکتۆر کەمال فوئاد بەم شێوەیە باس لەڕۆژنامەکە دەکات و دەڵێت " تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کورد تەنیا زمانی گفتوگۆ و هۆنراوەی هەبووە نەک نووسین، لەبەر ئەوەی دەرچوونیڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (1898) بایەخێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەماندا".(عومەر، 2001: 53).لە کاتێکدا دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت" کوردستان بۆ خۆی سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەنە بۆ تێگەیشتنی زۆری زووی لایەنی ژیانی سیاسی و ڕووناکبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، زانیارییەکانی ناو کوردستان یاریدەی مێژوونووس دەدەن لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و چالاکی نیشتمانپەروەریانەی نەتەوەیی کورد لەڕیزی ئیتیحادییەکان، شوێن سوارەی حەمدی لە مێژووی نوێی کوردا ئەو جۆرە باسانەی تێبگات".(مەزهەر، 1983: 135). مونزر مووسڵیش لەم بارەیەوە بەم شێوەیە قسەدەکات و دەڵێت " بەدرخانیەکان پێشکەوتنی کورد و پیشەسازی پێکەوە دەبەستێتەوە، واتە ئەوان دنیای هاوچەرخی نوێ و بنەما سەرەکیەکانی کورد پێکەوە گرێ دەدەنەوە، چونکە وەک دەردەکەوێت کەوتبوونە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و شۆڕشی نوێی ئەوروپاوە کە بە شۆڕشی پیشەسازی بەناوبانگە، بایەخی ئەو پێشکەوتنەی لە بەرەوپێشبردنی گەلان و دامەزراندنی هێزی بەرهەمهێنەری پیشەسازی و کاریگەری لە بزووتنەوەی خەباتی نیشتمانی و ڕۆشتن بەو ئاراستەیە، بۆیە دەبینین گەلەکەی لەو پێناوەدا هان دەدات و گرنگی ئەم لایەنە بەو شێوە زووە دەخاتەڕوو".(ئەلمووسڵی، 1986: 36) .پاش هەفتەیەک لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان گۆڤاری (ئەلهیلال)ی میسری لە ژمارەی بەشی سێیەمی ساڵی شەشەمی ئایاری (1898) لە لاپەڕەی (67) دا بەم شێوەیە باس لەڕۆژنامەی کوردستان دەکات و تێیدا هاتووە کە دەنوسێ" کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە لە جیهاندا بە زمانی کوردی دەردەچێت، میسر شانازی بەوە دەکات کە ئەوڕۆژنامەیەی تێدا دەرچووە، شانازی بە پێگەی خۆیەوە دەکات لە دونیای ڕۆژنامەگەریدا بەهۆی ئەوەی کە گۆڕەپانێکە سەرەڕای جیاوازی زمان و ئامانجەکان، قەڵەمەکان دەکەونە پێشبڕکێوە، نووسەریڕۆژنامەی کوردستانیش حەزرەتیڕێزدار(میقداد مەدحەت بەگە) کوڕی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشایە، لە مانگێکدا دوو جار دەردەچێت، ئابوونە ساڵانەکەشی(80) قرشە بابەتەکانیش هاندانی کوردە بۆ گەیشتن بە شارستانیەت و چاکە و پاڵنانیان بەرەو بەدەستهێنانی زانست و

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:40-55
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لەگشترووداوەکان".(عومەر، 2001: 55-56). ئەوڕێڕەوەی کە میقداد مەدحەت بەگ گرتبویەبەر و ئەو مەشخەڵانەی کە بەرزی دەکردنەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەزانین و نازانینی جەوهەر، چەسپاندنی ئازادی و پەرستی و شانازیکردن بە شکۆی نەتەوەیی، بەگەرمەوەڕۆشتن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری لە سەرچاوەکانیانەوە بوو ڕێڕەوێکی چەسپاو بۆ زۆربەی ئەوڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کەلە دوای کوردستانەوە لە هەر کوێیەک دەرچووبێتن بە درێژایی ڕۆژگاریش ئەو مەرەکەبەی کە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێڕەش دەکرایەوە، هەرگیز کەمتر و کەم ڕووناکی و کەم بەخش نەبووە لەو خوێنە ئاڵەی کەلە مەیدانی قوربانیدان بۆ ئازادی و شکۆی نیشتمانی گەلی کوردڕژاوە.

**باسی دووەم: مەبەست لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان**

لە سێیەمین خولی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە ساڵی (1917) کە ئەویش هەر لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچوو سورەیا بەدرخان کەلە سەرووتاری یەکەمین ژمارەی ئەو خولەدا چیرۆکی دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان دەگێرێتەوە کە لە 22ی نیسانی 1898 دا دەرچوو کە دەنوسێ " هەموو سوڵتانەکانی توورک نەک تەنها لە ووڵاتی کوردا هیچ کارێکی باشیان نەکرد، وڵاتی تورک واتە وڵاتی ئێمەشیان خراپکرد، لە زەمانی میرانی کورد لە وڵاتی کورد هەموو شتێکی باش هەبوو بەرەبەرە هەمووی خراپ بوو، توورکەکان دووسەد ساڵبوو نەیاندەزانی لە ئەردەنەوە ڕێگەیەک دروستبکەن تا ئەستەنبوڵ، پێش دووسەد ساڵ حاڵی وڵاتی ئێمە لە ئێستا خراپتر نەبوو، پادشاکانی عوسمانی بینیان بەباشی ناتوانن وڵات بگرنە ئەستۆ، تۆوی دووبەرەکی و خراپەیان فڕێدایە ناومانەوە بەرەبەرە هەموو وڵات بووە گۆڕەپانی شەڕ و ئاشوب، عوسمانیەکان بەزۆر میرانی کوردیان بەرەو ئەستەنبول و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتیان دورخستەوە، بەدرۆ بەڵێنی چاککردنی بارو دۆخی ژیانیان پێدابوون.لێرە هەندێ لەو میرانە کەوتنە دژایەتیکردن و هەڵوێست وەرگرتن بە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەوە بوو لەدوای ساڵی(1896) کەوتنە کارکردنی نهێنی بەمەبەستیچککردن و ڕزگاری لەدەست زوڵم و زۆرداری.بۆ ئەوەی لە پێناوی چاکەی کورد تێبکۆشین ساڵی (1897) کوڕی میر بەدرخان مەدحەت پاشا لە بنەماڵەی بۆتان چووە میسر لە قاهیرەی پایتەختڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد و پاش ساڵێک مەدحەت بەگ نەخۆش کەوت، براکەی عەبدول رحمن چووە سویسرا لەوێ درێژەی بە دەرکردنی ڕۆژنامەکەدا، دوای ئەوەی سوڵتان هەموو کەسوکاری بەدرخانی بەندکرد ڕۆژنامەکەشی لە پێ کەوت.(ئەمین،2001: 46) ،ئەگەر ئێمە باسی زیاتری ڕۆژنامەکە بکەین، دەبینین کە مەدحەت پاشا لەکاتێکدا کە خۆی جگە لەوەی دروشمی ڕۆژنامەکە کە زۆر گەوهەر بەخشبوو، هاندەری کوردەکان بوو بۆ دەستەبەربوونی زانیاری، ئەوەتا مەدحەتی بەگیرۆژنامەنووس قەڵەمی نوسینی بەو شێوە شارستانیە بەرجەستە دەکات کە بە زمانی فەرەنسی نوسیویەتی کە تێیدا هاتووە"زۆر بەختیارم بەوەی کە ژمارەییەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان)تان بۆ دەنێرم، ئەوەی هەرئێستا لە قاهیرە دامەزراندووە.نەتەوەی من، نەتەوەی کوردە، ژمارەی شەش ملیۆن کەسە کەلە ئاسیای بچووکدا دەژین، زمانیان گەلێک کۆنە، ئەمەیەکەمین جارە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بڵاوکردۆتەوە، بۆ مەبەستی پێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لە جەوهەری نەتەوەکەم و هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەیڕێگەی پێشکەوتن و شارستانیەتی تازە بگرن لە هەمانکاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆیانیان پێنیشانبدەم، باوکم میر بەدرخان بەشداری لە جەنگی سەربەخۆیی کوردستاندا کردووە لە دژی حکومەتی عەبدولحەمید، ئەو کەسەی کە ژیانی لە بنەماڵەی ئێمە لە نیشتمانی خۆماندا لێ قەدەغە کراوە.لەبەر ئەمەڕووم لەدەرەوەی نیشتمانکرد بۆ ئەوەی نیزام و ئاسایش باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت، بڕیارم دا لەڕێگەی ڕۆژنامەوە هەموو توانایەکی خۆم لە دوورەوە تەرخان بکەم بۆ هەمووکارێک کە قازانج و بەختیاری و پەروەردەکردنی بیری نەتەوەیی تێدابێت بۆ هاونیشتمانانی کورد".(فوئاد، 200: 60-61)،لێرەوە ئەگەر بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان قوتانخانەیەک بوو بۆ کوردەکان تاوەکو لەڕووی ئەقڵی و فکرییەوە تێڕوانینیان هەبێت لەبارەی خۆیان و ناوچەکانی دراوسێیان و جیهان بەگشتی، هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکانی، کەواتە بوچاپگەیاندنی کوردستان شۆڕشێکی فیکری تازەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەقڵی کوردی لە گشت بوارەکاندا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

**باسی سێیەم: بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان**

**یەکەم: لەڕووی شێوەوە:**

دکتۆر کەمال فوئاد لە پێشەکی چاپییەکەمی (کوردستان) ی خولییەکەم، کەلە ساڵی 1972 لە بەغدا چاپکراوە، هەرخۆشی دۆزەرەوەی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، کە 31 ژمارەی لێ چاپکراوە، ئەو 26 ژمارەیەی دۆزیوەتەوە و چاپی کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی دەکات:" ئەمرۆژنامەیە بە کوردییەکی جوان و ڕەوان زاراوەی کرمانجی سەروو، شێوەی جەزیرە و بۆتان، بە دوو هەفتە جارێک لە چوارلاپەڕەی (25.50* 32.50 سم) ی دا دەرئەچوو.جۆری کاغەز و چۆنیەتی چاپکردنەکەشی خراپ نەبوو، بە تیپی عەرەبی لەسەر تەرزی فارسی چاپ ئەکرا.لە ژمارە (4) موە بە تورکیش وتاری تێدایە، بە تایبەتی سکاڵانامە (عرچحال) و پاشان نامەی کراوە (اچیق مکتوب) کە زۆرجار بۆ (سلگان عبدالحمید) نوسراون دژی بەربەرەکانی ڕۆژنامەکە و ئازاردانی نەوەکانی بەدرخان، پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە هیچ ئومێدێکی بە (سلگان) نەماوە دەستی کردووە بە بردنە سەر (سلگان) و دەست و دایەرەکەی زۆر ئازایانە لەسەر کوشتنی (مدحت پاشا) و هاوڕێکانی و لەسەر بزوتنەوەی ئازادیخوازانی تورکی نوسیوە.

**دووەم: لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

کاتێک باس لە بابەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین جگە لەوەی لاپەڕەکانی هەموو ئەو هەواڵە ئەدەبی و مێژووییانەی گرتوتە خۆ، بەڵام لایەنی زۆر گرنگی هێناوەتە ناو نوسین و بڵاوکراوە کوردییەکانەوە، ئەویش کە بیری نوێخوازی و هۆشیاری نەتەوەیی بیری شارستانیەتی و کلتوری ئەوروپی بەشێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو لەناو بابەتەکاندا دەبینین، ئەتوانین بەم شێوەیە باس لە بابەتەکانی دوو توێیرۆژنامەی کوردستان بکەین.

**یەکەم/ بابەتی سیاسی**

**بابەتە سیاسیەکانیرۆژنامەکە بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:**

ا- هاندانی کورد بۆ خوێندن و فێربوون:کەباس لە گرنگی خوێندن و خوێندەواری دەکەین، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ چەندێک سوود لەو خوێندەوارییە وەردەگرێت بۆ گشت بوارەکانی ژیان وە بەتایبەت لە بابەتی سیاسی تایبەت بە نەتەوەی کورد.بەدرخانییەکان وەک خێزانێکیرۆشنبیر و خوێندەوار، بۆمان دەردەکەوێت لە پرۆژەیەکی وادا کە چەند سودیان لەو ئاستە رۆشنبیری و فیکرییە وەرگرتووە، بۆ گەیاندنی سوودی نەتەوەیی و ئاگادارکردنەوەیان لەگشت بوارەکانی ژیان و هۆشیارکردنەوە و جوڵاندنی ئەقڵی مرۆڤی کورد. بەدرخانییەکان بەم شێوەیە باس لە خوێندن و زانیاری دەکەن کە دەڵێن و دەنوسن" سەد هەزار سوپاس و حەمد بۆ خوای گەورە کە ئێمەی بە موسوڵمان دروستکردووە و زانست و زانین و هۆش و بیری داوینەتێ، دەربارەی عیلم و زانین زۆر ئایەتی پیرۆز و حەدیسی شەریف هەن، لەدونیادا چەند موسوڵمان لە گوند و شارەکان هەن هەموویان خوێندنگا و ڕۆژنامەیان هەیە، لەدونیادا چی ڕووبدات لەڕۆژنامەکاندا دەنوسرێ، بەداخەوە کورد کەلە زۆر نەتەوە زیاتر خاوەنی بیر و هۆش و جوامێرن، لە ئاینی خۆیاندارەوا و بەهێزن، بەڵام وەکو نەتەوەکانی دیکە خوێنداوار و دەوڵەمەندنین، نازانین دراوسێکانمان چۆنن و چی دەکەن و ئاگامان لێیان نیە، بۆیە پشت بەخوا ئەمرۆژنامەیەمان نووسی و بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەودوا هەر (15) ڕۆژ جارێک بڵاوی دەکەمەوە، ناویرۆژنامەکەشمان ناوە (کوردستان) و لەم ڕۆژنامەیەدا سوودەکانی زانست و زانیاری باس دەکەم لەچ جێگەیەک مرۆڤ فێر دەبێت لە چ جێگایەک خوێندنگەی باش هەیە پیشانی کوردی دەدەم، لەچ جێگەیەک شەڕ ببێت هەڵوێستی وڵاتانی گەورە چی بێت و چۆن شەڕدەکەن چۆن بازرگانی دەکرێ هەموویان باس دەکەم، تا ئێستا هیچ کەسێک ڕۆژنامەیەکی وەکو ئەمەی بڵاونەکردۆتەوە".( فوئاد، سەرچاوەی پێشوو: 63) .سەیری پەرۆشیئەم پیاوە بۆ خوێندن و خوێندەواری چۆنە؟ لە جێگەیەکیتر دەنوسێ" من زۆر شوێن گەڕاوم، ئێستاش لە میسرم لەهەموو جێگەیەک منالی چەرکەس و ئەرناد و تورک و عەرەب دەبینم کە باوک و براکانیان ئەیاننێرنە قوتابخانە و بەر خوێندن، لە میسر لە زانکۆی ئەزهەر تووشی هەندێ کوردی سۆران بووم کە هەندێکیان خەڵکی کەرکوکن هەندێکیتر لای سلێمانین هەموو دەخوێنن، بەڵام من لە جێگەیەک تووشی خەڵکی بۆتان، هەکاری، شێروانە نەبووم بەڵکە هەموویان خەڵکی عەشایەر و ڕەنجبەر و هەژارن، هیچ سنعات و هونەرێک نازانن".(ئەمین، 2001: 51)

ئەوەی لەم نوسینانەوە دەبینین ئەوەیە کە کورد هانبدات و منداڵەکانیان بخوێنن و نەخوێندەوار نەبن، بۆئەوەی لەهەموو زانین و پێشکەوتنێکی ژیان تێبگەن، هۆشیاریەکیان هەبێت دەربارەی نەتەوەی خۆیان، بتوانن لەڕێگەی زانست و زانیارییەوە کە ئەو سەردەمە لەگەشەکردندا بوو گەلی کورد بێبەش نەبێت و دوانەکەوێت لە ئاستی دەوڵەتان، چونکە ئەوە ڕۆشنبیری و مەعریفەتە کە دواجار شوناس دەداتەوە بە مرۆڤ، کەواتە لەڕێگەی ئەمەوە کورد بۆ ئەوەی خاوەن شوناسێکی کوردانە بێت، پێویستە کە بگەڕێتەوە بۆ باکگراوەندی ئەقڵی و ڕۆشنبیری خۆی، ئەمە ئەو خاڵەیەکە مەدحەت بەگ دەیەوێت بگەیەنێت بە تاکی کوردی، لێرەوە شوناسێک بداتەوە بە مرۆڤی کوردی لەڕێگەی جۆرێک تەسقیف کردنی ئەقڵی کوردی بۆ هۆشیاری زیاتر دەربارەی نەتەوە و زمان و کلتوری کوردی.

**ب/بەربەرەکانی سوڵتان و دامودەزگاکانی :** لەووتار و نوسینەکانیدا دەبینین کە چۆن باس لە ناعەدالەتی دەسەڵاتی سوڵتان و هەروەها دامودەزگاکانی دەکات، مەدحەت پاشا دەیەوێت لەڕێگەی ئەمرۆژنامەیەوە(کوردستان) سوڵتان و ڕێساکانی بدوێنێ، بەزمانێکی ڕۆشنگەری نوێ قسەبکات بە شێوەیەکی ئازاد و ئازایانە باس لە نارەوایەتیەکانی سوڵتان و هەروەها ئەو دژایەتیانەی کە بەرامبەر کوردەکان دەکرێت، بەم شێوەیە لە ژمارە (13)ی غەزەتەی کوردستاندا هاتووە لە ژێر ناونیشانی (کاغەزێ لە کوردستانەوە هاتووە) بە ئیمزای (ئەشرافی دیاربەکر ش.م) نووسیوویەتی"ئەمە دوو سێ مانگەڕۆژنامەی کوردستان دێتە وڵاتی ئێمە، بەڵام مەئموورەکانی سوڵتان ناهێڵن بە سەربەستی بیخوێنینەوە، بەدەست هەرکەسێکەوە بیبینن ئەیگرن و ئازاری زۆری دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا کرمانج زۆری مەیل دەکەن".( ئەمین ، 2001: 52)

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت سوڵتان عەبدول حەمید باشی ئێمەی دەوێت بەڵام وەکو نوسیویەتی "ئەو مەئموور و والی کاربەدەستی گەلێ زاڵم و بێئینساف ڕەوانەی ناوچە کوردیەکان دەکات، ئەوان کوردستانیان وێران و داڕوخاو کردوە، کەس حاڵی نەماوە ئەو گوندانەی کەلە سەردەمی باوکتا(100) خانوو بووە، ئێستا (20) ماڵیش نەماوە کە هەژار و ڕەنجبەرن زۆر لە کرمانج لە کوردستان هیجرەت دەکەن هەندێکیان دەچنە ناو عەجەم هەندێکی تر بۆ تورک هەندێکیش لەناو دەچن بەهۆی برسێتی و هەژاریەوە".(نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو: 53) ئەوەی بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە دامودەزگاکان پیاوانی سوڵتان جگە لە داماوی و نەهامەتی هیچ شتێکی باشیان پێشکەش بە ژیانی کورد نەکردووە، دوژمنانی کورد یەک سیاسەتیان پەیڕەوکردوە بە درێژایی مێژوو بەسەر نەتەوەی کوردا، ئەویش پوکانەوە و بچوکبونەوەی بووە، وونکردنی کەسێتی نەتەوەیی کورد ئامانجی سەرەکیان بووە.محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی مێژووی کوردو کوردستان دەڵێت" گەلی کورد زیاتر لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا تووشی کۆست و مەینەتی هاتن، هەموو لاوە کوردەکانیان بە زۆر کردە سەرباز و ڕەوانەی ئۆردوگاکان کران بە زۆر چەکیان پێ هەڵگرتن و لە کەسوکارو ماڵەکانیان کردن".( ئەمین زەکی بەگ، 1961: 285). گەلی کورد جگە لەوەی کە قوربانیەکی زۆریدا، چەندین نەخۆشی و دەدەسەرێرووی کردە نیشتمانی کوردان، چونکە ناوچە کوردییەکان هەمووی گۆڕەپانی شەڕی عوسمانی بوو، زیاتریش بۆ ئەوە بوو کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکرێ لە کوردەکان کە جێگەی باوباپیرانمانە، هەر ئەماش بوو ڕق و کینەی کوردەکانی جۆشپێدا بۆ ئەوەی ئامادەبن لە هەمووڕویەکەوە بۆ دژایەتی کردنی دوژمنان.

**دووەم/بایەخدان بە مێژووی کورد:** هەموو نەتەوەیەک بۆ ئەوەی بەزیندوویەتی بمێنێتەوە، پێویستە کەوا مێژووی خۆی دەماودەم بنوسێت و بگێڕێتەوە و لەڕابردووی خۆی تێبگات، شوناسی نەتەوەیی خۆی بناسێت، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقە نوسراوانەی کە هەن ئەوا شەرەفخان سەرەتایەکە کە مێژووی نەتەوەی کوردی لە شەرەفنامەیا کۆکردۆتەوە، کە چاو بە شەرەفنامەدا دەگێرین و لەو پەرۆشییە ورددەبینەوە بۆ مێژووی کورد و ناودارانی و ڕوداوەکان و دەسەڵاتدارانی، لەوێرا دەگوێزینەوە بۆ ناو لاپەڕەکانیڕۆژنامەی کوردستان، بۆت دەسەلمێنێ کە کوردستان لەناو ئاگرستانی ناوچەکەدا هەروا لە خۆڕا خۆی ڕانەگرتووە، نەتەوەیەکی بێ کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی نەبوون، لەسەرایای کوردەواریدا سەردار، ناودار، بنەماڵەو بنەچەی نەتەوەیی لە کوردستان هەبوون بەئاسانی چۆک دانادەن بۆ دەگیرکەران، هەموو ئەو هەوڵانەی بە درێژایی مێژوو بۆ مانەوە و پاراستنی کورد و دەسەڵاتی کورد دراوە بەڵگەن کە کورد ماکی ناوەکی بەهێزی هەبووە، جگە لە کۆڵنەدانی بەرەنگاری کورد، بەشێکی باشی کەلەپوری، کلتوری، فۆلکلۆر و ترادسیۆنی خۆی بەجوانی پارەستوە و پەرەی پێداوە، هەر لەناو کاروانی بەرەنگاریدا، سەرەڕای کاریگەری لەڕادەبەدەری ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبی و فریوخواردنی دەیان زانا و دانای کوردیش بۆ خزمەتی نەتەوە باڵادەستەکان، دەبینین لەناو هەست و هەڵوێستی کوردایەتیدا، بەرەبەرە مەسەلە نەتەوەییەکان لە گیانی بەرەنگاری عەسکەرییەوە وەرچەرخاوون بۆ ئەندێشە و نوسین و بیرکردنەوەی ووردتر. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ(121) ساڵ لەمەوبەر کە تێیدا ڕۆژنامەیەکی کوردی لەناو نیشتمانێکی داگیر و دابەشکراودا، لەناو نەتەوەیەکی چەندن میرنشینیروخێنراو،بۆیەکەمین جار لە مێژوودا خێزانێکی دەربەدەر و سزادراو، شکاندنی ڕێچکەی ڕۆژنامەگەریان ڕاگەیاند، ئەمەش بەڵگەی لێبراوی پێگەیشتنی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

بنەماڵەیەکی کوردەوارییە، کە بنەماڵەی بەدرخانیەکانە ئەمەش بۆ خۆی نەک تەنها لەبارەی دەرکردنی ڕۆژنامەکەوە، یان لەڕووی ڕاپەڕینی میر بەدرخان پێش ئەوە، بەڵکو لەڕووی سۆسیۆلۆجیاوە جێگەی بایەخە، کەلە کوردستاندا وێرای داگیرکردن و نەهامەتی بەسەر سەری نەتەوەی کوردەوە، بنەماڵەیەکی ئاوا هەڵبکەوێت کەلە سەدەی شانزەیەمەوە لەکاتی شەرەفخانی فەتلیسیەوە لە نوسینی شەرەفنامەوە، ئەم بنەماڵەیە ئۆباڵی پاراستنی زمان و کلتور و مێژووی نەتەوەکەی بخەنە ئەستۆ، کە بێگومان بنەماڵەی بەدرخانیەکان تاقە بنەماڵەی هەڵکەوتوو نەبوون لە کوردەواریدا، بەڵام سەروەرییەکانی ئەم بنەماڵەیە هەتاڕادەیەکی باش تۆمارکراون و هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی زۆر زاڵ بووە بەسەریاندا.لە ژمارەیەکی خولی سێیەمیرۆژنامەی کوردستان بەم شێوەیە دەنوسێت" نەتەوەیەک، بۆ ئەوەی وەک نەتەوە بژی و کەسێتی خۆیبناسێت پێویستە لەڕابووردی مێژووی خۆی ئاگاداربێت، نەتەوەیەک لە مێژووی خۆی بێئاگابێت وەک منداڵێک وایە کە باوباپیرانی خۆی نەناسێت و هیچ جۆرە پەیوەندی و هاوکارییەکی لەگەڵ خێزانەکەیدا نابێت و زۆر سروشتی کە وردە وردە دابوونەریتی ئەو قەوم و میللەتانەی دەوروپشتیوەردەگرێت و بنەچە و کەسێتی خۆی بەیەکجاری لەبیر دەچێتەوە".( فوئاد، 2000: 59)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگیدانی کوردستان بۆ مێژووی نەتەوەکەی کارێکی پیرۆزە، کەڕێگەی دەرخستنی لایەنەکانی مێژووی نەتەوەکەی تاکی کورد هۆشیاربکاتەوە لە ژیانی نەتەوەکەی کە تا ئێستا بە گێرانەوە هەندێکجاریش بە ئەفسانە باسی لێوەکراوە، ئەم شێوازەی دەربڕینی مێژووە بگۆڕێت بۆ زمانێکی سەردەم ئەویش نوسینە، بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەدا بە شێوەیەک کە خوێنەرانی بتوانن ئەو جیاوازییە ببینن لە نێوان ئێستا و جارانی نەتەوەکەی خۆیان، لەهەمانکاتیشدا بتوانن گۆڕانکاری بکەن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیان.

**سێیەم/ بابەتی ئەدەبی:** ئەو بابەتە ئەدەبی و بڵاوکراوانەی کەلەسەرەوتی ئەدەب بووە لە (کوردستان) بە بەراوردکردنی لەگەڵ بڵاوکراوە سیاسیەکاندا زۆر کەمترە، نوسەرانی کوردستان دوای ئەوەی لەلایەن چەند خەڵکانێکەوە نامە و نوسراویان پێدەگات بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و هۆنراوە و باسکردنی شاعیران، هەر لەدوای ئەوە لە نوسینەکانی ئەحمەدی خانییەوە دەست پێدەکات، (مەم و زین) دەکاتە چەپکە گوڵی دەستی خۆی هەڵدەستێت بە نوسینەوەی ئەو دەستنوسانەی کە هی خانیە، لەگەڵ ئەوەی کەم و کوڕی تێدایە بەڵام لەبەر گرنگی پڕ گەورەی مەم و زین بڵاوی دەکاتەوە، ئەگەر ئێمە باسێکی کورتی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بکەین کە بە درێژایی مێژوو دەیبینین کە چ سۆز و سوتانێکی تێدایە بەرامبەر نەتەوە و سەربەخۆیی و ئازادی، بەشێوەیەکە هەر بەیت و دەقێک بۆخۆی شۆڕشێکی گەورە لە ناخیدا بەرجەستەیە، ئەوەتا هەربەهۆی ڕۆژنامەی کوردستانەوە ساڵی مردنی شاعیری گەورە و نەمری ناوچەی کۆیە (حاجی قادری کۆیی) مان دەست دەکەوێت کە ژمارەی سێیرۆژنامەکە کە شیعرێکی حاجی قادری کۆیەی بڵاوکراوەتەوە دەنوسێ" عالمێک لە سۆران هەبوو ساڵپرابردوو وەفاتیکرد، ڕەحمەتی خوای لێبێت، ناوی حاجی قادرە ئەم پیاوە زۆری خەباتکرد لە پێناو نەتەوەکەی کە کوردە، لە بواری عیلم و مەعریفەت، زۆر بەیتی شیعری هەیە بە زمانی کرمانجی کە ئەیناردەوە بۆ وڵاتی خۆی کە ناوچەی سۆران بوو".(ئەمین،2001: 61)

ئەگەر مردنی حاجی قادر ساڵێک بێت لە دەچوونیرۆژنامەی کوردستان، کەواتە ساڵی (1897) ساڵی کۆچی دواییەتی، ئەگەر باس لە حاجی و خانی بکەین وەکو دوو کەسایەتی نیشتمان پەروەری کورد، ئەوە بەڕوونی لە شیعرەکانیاندا دەبینین کە چۆن باسی دەگیر کەر و دوژمنانی کورد و خەباتی کورد هەروەهاڕاپەڕینی کورد دەکەن، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی مافی خۆیان، ئەوەتا حاجی کۆیی زانا و لێهاتووانە کە باسی لە دەرچوونی ڕۆژنامەیەک کردوە لە بایەخی ڕۆژنامە تێگەیشتووە، حاجی مامۆستای کوڕەکانی میر بەدرخان پاشا بووە، دەرسی بە ئەمین عالی بەگ و مەدحەت و عەبدالرحمان وتووە، کەواتە دەتوانین بڵێین کەوا حاجی قادری کۆییڕۆڵی هەبووە لە دەرکردنی ئەمرۆژنامەیەدا.لەگەڵ ئەوەی ئەو بابەتە ئەدەبیانەی کە کوردی بوو چەند شیعرێک و نوسینێکی بەزمانی جگە لە کوردی لەڕۆژنامەی کوردستان بواری بڵاوکردنەوەی دراوە، ئەوەتا شیعری شاعیرێک بڵاودەکاتەوە کە ستایشی ڕۆژنامەکە دەکات، کە لاوی شێخ فەتاح لە شامەوە بۆی ناردوون، هەروەها چەند شیعرێکی تورکیش بڵاوکراوەتەوە.

دەکرێت بڵێین نانەتە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی کوردستان زیاد بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە بوو کە پەیوەندی بەبارە سیاسیەکەی کوردەوە هەبوو، پاشان لەڕێگەی شیعرە پڕ سۆزەکانی نیشتمان و هەستە قوڵەکانیان بۆ نیشتمان هانی تاکی کوردیان دەدا بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوەییان و بەرزکردنەوەی ئاستیرۆشنبیریان.

**چوارەم: ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا:** کوردستان وەکویەکەمین هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی، وەکو نوێنەری هەڵبژاردەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی کورد، وەکو داهێنانی شێوەیەکی نوێی خەبات لە پێناوی سەندنی مافی نەتەوەیی کارێکی ئەوەندە گەورەیە، ئەگونجێ بە خاڵی وەرچەرخان دەست نیشانبکەین لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد و کوردستان، لە هەلومەرجێکی مێژوویی گرنگدا دەرچووە، گرنگی لەوەدایە کە ئەوڕۆژنامەیە نیشانە و نۆبەرەی هەڵچوون و گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی بووە، واتە دەستپێکی قۆناغێکی تر لە شێواز و شێوەیەک لە خەباتی کوردایەتیدا، پێشتر خەباتی کوردایەتیرەنگی داوەتەوە لە شیعر و خەباتی چەکدارانە، بەربەرەکانێی میرنشینەکان لە بەرامبەر داگیرکەران، بەڵام ئەمە بۆیەکەمجارە کە قەڵەم دەکەوێتە کار، بەشێوەی نوسین، ووتار، بەشێوەیڕۆژنامەگەری لە مەیدانی کوردایەتیدا، لێرەوە قەڵەمیش وەکو چەک بەکارهات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی نەتەوەی کورد، ئەگەر ئێمە بەلایەکی تر سەیری ئەم ڕۆژنامەیە بکەین دەبینین کە گرنگییەکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەوەی کە بیروباوەڕی کوردایەتی و هەستکردن بە مافە نەتەوەییەکانی کوردی خستە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە و گەیاندی بە هەموو هۆشیاران و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان، دەرکردنی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی وایکرد ئەو گەلانەی لەژێر سایەی عوسمانیەکاندا دەژیان ئاگایان لە ئازار و مەینەتیەکانی یەکتربێت بە تایبەتی ئۆپۆسزیۆنی ئەو سەردەمە لەگەڵ سیاسیەکان بۆ ئەوەی لە دەرد و ئێش و داخوازی و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بێت. ئەگەر ئێمە شانازی بە شۆڕشە چەکداری و بزوتنەوە خەباتگێرە جیاوازەکانی کورد بکەینەوە، ئەوا ئەو خەبات و هەڵسانەوەیەی کەڕۆژنامەی کوردستان کردوویەتی هیچ کەمتر نیە لەو خەباتەی کە شۆڕشگێرەکانی کورد بە چەکەوە لە بەرەکانی شەڕدا کردویانە، چونکە ئەم شۆڕشە هەڵسانەوەی کلتوری کوردە، سەرەتای شۆڕشێکیرۆشنگەرییە، هیچ نەتەوەیەک بەتەنها نەیتوانیوە قەوارەی نەتەوەکەی سەربخات لەڕێگەی تەنها شۆڕشی چەکداریەوە، ئەگەر پرۆژە کلتوری مەعریفەییەکان لە پشتیەوە نەوەستابێت.

کەواتە پرۆژەی ڕۆشنگەری و کلتوری هیچ گەل و نەتەوەیەک بە دابراوی لە خاکیرزگارکراو و لو خوڵکی ئازاد و سیستەمی دیموکراتی لە هەموو بارێکەوە سەرناخرێ، ئەگەر لە هەمووڕویەکەوە پێکەوە نەبەسترابێت.(قانیع،2002: 67).ڕۆژنامەی کوردستان ئەو کارە نوێیەی کرد لە بواریڕۆشنبیری و سیاسیدا لەناو نەتەوەی کوردا، کە نیشانەی پێگەیشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕۆڵی ئەو دەستە خوێندەوارەی کوردە لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیدا، بۆیەڕۆژنامەی کوردستان هەر لەسەرەتای دەرچوونیەوە زەمانحاڵی نیشتمان و کێشەی ڕەوای گەلەکەی بووە کە کوردستانە. ئەگەر قسەیەکیش هەبێت لەسەر لاوازی و پێنەگەیشتنی نەتەوەیەکی وەکو کورد، لە دروستبوونی دەوڵەتێک لەگەڵ ئەوەی کاری بۆکراوە، ئەوا دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کەوا کورد لەڕووی مێژووشەوە هەمیشە توانای ئەوەی نەبووە زاتێکی پێگەیشتوو لەگەڵ دیاردەکاندارەفتار بکات، بەڵکەدایم خۆ خۆر لەئاست کێشەو داواکاریەکان و پرۆژەکانی بە پاسقی ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین هەروا دەستبەرداری ئەوکارانە بین کەوا قوتابخانەیەکە بۆمان تا ئێستاش شانازی پێوە دەکەین، کەلەسەر دەستی خێزانێکی وەکو بەدرخانیەکانرێچکەی ئەو شۆڕشەیان بۆ داناوین کە شانبەشانی خەباتی چەکداری ئەو چەکە نوییەش بەکاربهێنین کە قەڵەمە، خوێنەکەی ئەو نوسینانەیە کەوا دەتوانین ڕووبەڕووی دوژمن دیفاعی نەتەوەیی خۆمانی پێبکەین.لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەو دەستە ڕۆشنبیری و نیشتمانپەروەریەی کورد لە نوسەرو شاعیرەکانمان هاوباشیان کردووە لە خەبات و شۆڕشی نوێ لە پێناوی نەتەوەکەیاندا لەسەدەی پێشوو، ئێستاش بە گروتینێکی ترەوە نوسەر ڕۆژنامەوانەکانمان کار بۆ دۆزی نەتەوەیی مافی نەتەوەیی و ئازادی تاک و نیشتمان دەکەن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3

**ئەنجام:**

1- ڕۆژنامەی کوردستان گرنگییەکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەوەدا کە بیروڕای کوردایەتی و هەست و مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی خستەسەر لاپەڕەیڕۆژنامە و گەیاندی بە هۆشیاران و سیاسەتمەداران و خوێندەواران.
2- پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، ئەویش بە هۆکاری شۆڕشە نەتەوایەتیە سەربەخۆکانی ئەوروپا، کەبوو بە چرایەکیرووناک لەڕێگای خەباتیرزگاری هەموو گەلانی جیهان، خەباتیڕۆژنامەگەری چەکێکی کوشندەیە دژی ستەمکاران و داگیرکەران، هەمیشە دەنگی زوڵاڵی گەلانە لە هەست و ویستیان دەکۆڵێتەوە و ڕێباز و ئامانجی سەربەخۆی وڵاتڕێنیشان دەدات.
3- ڕۆڵی ووشیاری بنەماڵەی بەدرخان لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی و خەباتی سیاسیدا،ڕۆڵێکی دیار و ئاشکراو پڕ گرنگ بوو لە مێژووی گەلی کوردا.
4- ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆشنگەرانەی فراوانە بە برینە قوڵەکانی جەستەی ئەنجن ئەنجن کراوی کوردەواری و کوردایەتی، ئەمڕۆژنامەیە (121) ساڵ لەمەوبەر دەیەوێت ببێتە ئۆرگانێکی نوێی هەموو پێویستیەکانی کورد.
5- ڕۆژنامەی کوردستان پەیامە سیاسیەکەی بۆ چاکسازی و جەختکردن بووە دەربارەی مافی مرۆڤی کورد، بەتایبەتی مافی فێربوونی زانست و خوێندەواری و ئاگابوون لە ناوخۆو دەرەوەی خۆی.

**پێشنیار و ڕاسپاردە:**

1-ناوەندە ئەکادیمیەکان گرنگی بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی بدەن، بەتایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و کۆنگرە زانستیەکاندا.

2-توێژەران توێژینەوەی نەوعی بکەن لەبارەی بابەت و پەیامە میدیایە کانی سەرەتاکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی.

3- لەڕووی مێژووی کوردەوە سوود لەڕۆژنامەگەری کوردی وەربگیرێت، لەڕێگەی قەڵەمی نووسەران و بیرمەندانی ئەوسەردەمە مێژووییانە.

**سەرچاوەکان :**

1- ئێنتسارد، نادر، ئێتۆنەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی:عەتا قەرەداغی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانیع،سلێمانی،2000.
2- ئەمین، نەوشیروان مسەفا، چەندلاپەڕەیەک لە مێژوویڕۆژنامەوانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، 2001.
3- ئەبوبەکر، هەڤاڵ،ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندیڕۆشنبیر، چاپخانەی تیشک،2002
4- ئەمین زەکی، محمد، مێژوی کورد و کوردستان، 1961.
5- جەباری، جەبار، کۆی بەرهەمە کوردیەکانی،لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2004.
6- ڕەفیق، فاروق، ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی ئایدۆلۆجی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە پێنج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،1999.
7- سابیر،ڕەفیق، کلتوروناسیۆنالیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، 2003.
8- عومەر، فارووق علی،ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراق، وەرگێرانی: تاریق کارێزی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2001.
9- فوئاد، کەمال، کوردستان ڕۆژنامەی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەب و ڕووناکبیری گەلاوێژ، چاپخانەی داناز،2000.
10-قانیع، مەریوان ووریا، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندیرەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەیرەنج،2002.
11-قانیع، مەریوان ووریا ، گۆڤاریرەهەند، ژمارە پێنج، لەبڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپخانەیرەنج، 1998
12-قەرەداغی، عەتا ، کاریگەری کلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی،2001.
13-گیبرنا، مۆنتسرات، نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی، وەرگێرانی، کەمالڕەشید شەریف، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری،2002.

14- مەزهەر، کەمال ، مێژوو،بەغداد،1983.
15- میران،ڕەشاد،ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی،2002.
16- مەدەنی، حسێن،
17- الموسلی، مونزر، عرب و الاکراد، بیروت، 1986.
18- دورزیل، مدخل الی تاریخ العلاقات الدولیه، ترجمه: فایز کم نقش،بیروت،1967.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.3